# فۆڕمی ڕەزامەندی

ئەم بەڵگەنامەیە ئەوە ڕوون دەکاتەوە کە تۆ ڕازی دەبیت لەسەر چ شتێک کاتێک ڕازی دەبیت بە بەشداریکردن لە توێژینەوەی نەوەکاندا. گرنگە پێش ڕەزامەندی تێبگەیت کە توێژینەوەکە چۆن بەڕێوە دەچێت. دەتوانیت ئەمە لەڕێگەی خوێندنەوەی پەڕەی زانیاری بەشداربوان (وەشانی 5.0) و ماڵپەڕی توێژینەوەکە لە www.generationstudy.co.uk ئەنجام بدەیت. تیمی توێژینەوەکە یارمەتی ڕوونکردنەوەی توێژینەوەکە دەدەن و وەڵامی هەر پرسیارێکت دەدەنەوە کە هەتبێت.

## تکایە ئەوە پشتڕاست بکەرەوە کە لەمانەی خوارەوە تێگەیشتوویت:

### 01 دەربارەی توێژینەوەکە

**لێکۆڵینەوەکە بۆ توێژینەوەیە.** ئەمە خۆویستییە و جیاوازە لە چاودێری ئاسایی کۆرپەکەت لەلایەن NHS ـەوە. هێشتا پشکنینی پەڵەی خوێنی تازە لەدایکبوویان پێشکەش دەکرێت، کە NHS پێشنیاری دەکات. وەک هەر توێژینەوەیەکی پزیشکی، سوود و مەترسی هەیە بۆ بەشداریکردن.

**باوانەکەی تری کۆرپەکەت دەبێت لە بڕیارەکەتدا بەشدار بێت.** ئەگەر پەیوەندیت هەیە لەگەڵی، ئەمەت لەگەڵ باس کردووە. ئەوان خۆشحاڵ دەبن کە کۆرپەکەت لە توێژینەوەکەدا بەشدار بێت.

### 02 ئەو دۆخە تەندروستیانەی ئێمە پشکنینیان بۆ دەکەین

**Genomics England پشکنین بۆ هەندێک گۆڕانکاری جین دەکات لە کۆرپەکەتدا.** ئەم گۆڕانکاریانە بۆی هەیە ببنە هۆی 200+ نەخۆشی جینی کە دەتوانرێت لە NHS لە کاتی منداڵیدا چارەسەر بکرێن.

### 03 کۆکردنەوەی نموونەکان

**خاوەنپیشەیەکی NHS نموونەیەکی خوێن لە کۆرپەکەت وەردەگرێت.** Genomics England ئەم نموونەیە بۆ ڕێکخستنی زنجیرەی دی ئێن ئەی DNA کۆرپەکەت بەکار دەهێنن. تۆ دەتوانیت بڕیار بدەیت کە نموونەکە وەرنەگیرێت. ئەمەش ئەوە دەگەیەنێت کە کۆرپەکەت لە توێژینەوەکەدا بەشدار نابێت.

### 04 وەرگرتنەوەی ئەنجامەکان

**تۆ پەیوەندیت پێوە دەکرێت بۆئەوەی ئەنجامەکانی پشکنینەکەت پێ بڵێین.** هیچ خشتەیەکی کاتی دیاریکراو بۆ ئەوە نییە. ئەگەر گومانی هیچ دۆخێکی تەندروستی نەبێت تۆ بە ئیمەیڵ یان نامە ئاگادار دەکرێیتەوە. ئەگەر گومانی دۆخێکی تەندروستی هەبێت، تایبەتمەندێکی NHS پەیوەندیت پێوە دەکات بۆ سازدانی هەنگاوەکانی دواتر.

**ئەنجامەکە دەستنیشانکردنی نەخۆشی نییە و دەبێت لەڕێگەی پشکنینی زیاترەوە پشتڕاست بکرێتەوە.** ئەم پرۆسەیە بۆی هەیە نادڵنیای تێدا بێت، وەک ئەنجامێکی ناڕوون یان هەڵە. پسپۆڕی NHS زانیاری سەبارەت بە منداڵەکەت دەگەڕێنێتەوە بۆ Genomics England، بۆ یارمەتیدان لە تێگەیشتن لە ڕاست و دروستی پشکنینەکە.

### 05 داتا و دەستڕاگەیشتن

**Genomics England نموونەکان و داتاکان بە شێوەیەکی پارێزراو هەڵدەگرێت.** ئەمەش نموونەکانی منداڵەکەت و زنجیرەی دی ئێن ئەی، نوێکردنەوەکان لە تۆمارەکانی چاودێری تەندروستییەوە، و داتاکانی پێش لەدایکبوون لەخۆ دەگرێت. داتاکانی پێش لەدایکبوون و تەندروستی لە NHS England و ڕێکخراوەکانی تریش کۆدەکرێنەوە کە لە www.genomicsengland.co.uk/privacy-policy/ دا بە ریز نوسراون.

**داتا و نموونەکان بۆ مەبەستی توێژینەوەی چاودێری تەندروستی بەکار دەهێنرێن.** توێژەری باوەڕپێکراو دەستی پێیان ڕادەگات کە دەتوانن کار لەسەر چارەسەری نوێ بکەن. ئەوان بۆی هەیە لە ڕێکخراوە خێرخوازییەکان، زانکۆکان و کۆمپانیاکانی چاودێری تەندروستیی تایبەتەوە بن، وەک کۆمپانیاکانی دەرمانسازی.

## 06 پەیوەندی بەردەوام

**Genomics England لەماوەی توێژینەوەکەدا پەیوەدنیت پێوە دەکەن.** ئەوان دوا گۆڕانکارییەکانتان لەگەڵ هاوبەش دەکەن و بواری زیاترت پێ ڕادەگەیەنن بۆ بەشداربون لە توێژینەوەدا.

## 07 کشانەوە لە توێژینەوەکە

**تۆ دەتوانیت لە هەر کاتێکدا بێت واز لە بەشداربوون لە توێژینەوەکەدا بهێنیت و پێویست ناکات پێمان بڵێیت بۆچی.** ئەگەر داتاکان پێشتر هەڵگیرا بن، یان پێشتر لە توێژینەوەکەدا بەکار هاتبن، ناتوانرێت بسڕرێنەوە.

**توێژینەوەکە بۆ ماوەی 16 ساڵ بەردەوام دەبێت.** کاتێک منداڵەکەت نزیکەی 16 ساڵە، Genomics England لێی دەپرسێت ئایا حەزی لەوەیە خۆی بەردەوام بێت.

تکایە پشتڕاستی بکەرەوە کە تێگەیشتوویت لە زانیاریەکانی پەڕەی زانیاریی بەشداربوو (وەشانی 5.0) و لێدوانەکانی سەرەوە و ڕازیت بە بەشداریکردنی خۆت و منداڵەکەت لە لێکۆڵینەوەکەدا.